www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-7-2007 22:50

بودجەش پەسند کرا. ... هاوری رواندزی.

دوای دوو رۆژ لەگفتوگۆکردن سەرەنجام بودجەی هەرێمی کوردستان پەسند کرا، بەڵام ئەمجارەیان پەرلەمان بەشێوازێکی تر، جیا لەشێوازەکانی دیکە کاری کردوو رەخنەی توندی لەحکومەتی هەرێم گرت دەربارەی دواخستنی بودجە پەسند نەکردنی لەکاتی خۆیدا، ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە لەهەردوو دانیشتنەکەی پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن و پەسند کردنی بودجە پەرلەمانتارانی کوردستان جیا لەدانیشتنەکانی تر رەخنەی تونديان دەگرت و گفتوگۆیەکی چرو پریان دەکرد دەربارەی پرۆژە یاساکە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دلخۆشیەك دەدات بەکۆمەلانی خەڵکی کوردستان کەنوێنەرانیان



لەپەرلەمان بەم شێوەیە کاردەکەن بۆ باشتر خزمەت کردنی خەڵك، زۆربەی هەرەزۆری پەرلەمانتاران گلەیان هەبوو لەشێوازی ماددەکانی ئەو یاسایە بەڵام بەدەستکاریەکی زۆرو زیادکردنی چەندین برگە و لەبەر رەچاوکردنی هەڵومەرجی ئێستای کوردستان پەرلەمان بەزۆرینەی دەنگ پرۆژە یاساکەی پەسند کرد، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە بەوکەسانە دەڵێم کەدەڵێن پەرلەمان خەوتوە پەرلەمان نەخەوتوە و کاردەکات رۆژانە بۆ خزمەت کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چونکە راستە ئەو پرۆژە یاسایە کەزۆر کەم و کورتی تێدا بوو بەڵام لەگەڵ پەسند کردنی پەرلەمان هەندی راسپاردەی گرنگی ئاراستەی حکومەتی هەرێم کرد کەزۆر گرنگن خالەکانیش هەمووی بەدەبی دەست پێدەکات لەوانەش: دەبی وەزارەتەکان لەناویشیاندا هەردوو وەزارەتی دارایی تاوەکو سەری ساڵ یەکبگرنەوە وەدەبی بودجەی ساڵی ئایندە لەکاتی خۆی و بی دواکەوتن گفتوگۆی لەسەر بکری و پەسند بکرێت، هەروەك دەبی یاسای بودجەو پێبەخشینی حزبەکان دەربکرێت و ناوچە کیمیاباران و ئەنفالکراوەکان لەپێشینەی بایەخدانی حکومەتی هەرێم بێت بۆ ئاوەدانکردنەوە، وەداواکراوە دووموچەو سی موچە لەهەرێمی کوردستان نەمێنێت و باری ژیانی خاوەن موچەکەمەکان لەبەرچاوبگیرێت و، وە بەزوترین کاتیش موچەی هەموو ئەو کەسانە ببردرێت کەلەساتەکانی ئەنفال دەستیان هەبووە وەهەموو جۆرە دیوەخانەو پییاوماقولانە ببردرێت بۆ ئەوەی بچێتە سەر بودجەی هەرێمی کوردستان. ئەی ئەمانە هەمووی کاری باش نین پەرلەمان بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەیکات یان نا؟راستە پەرلەمان واجبیتی کەئەو کارانە بکات چونکە نوێنەری خەڵکەو خەڵك دەنگی پێداون بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەرلەمان رۆژانە کاری باش دەکات و یاسای گرنگ دەردەکات ئەمانەش هەمووی بۆ خزمەت کردنی خەڵکە. بۆیە لەکۆتایدا بەپەرلەمانتارانی کوردستان دەڵێم دەستتان خۆش بۆ کارە باشەکانتان بەڵام دەخوازم لەهەموو دانیشتنەکانی پەرلەمان هۆڵی کۆبوونەوەکان بەگفتوگۆکردن و راگۆرینەوە گەرم و گورتر بکەن.

hawrerwandzi@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.